# پەیوەندی شاعیرانی تاڵەبانی لەگەڵ ساداتی حەفید

**بەتایبەتی شێخ مەحموودی نەمر**

ئەشرەف تاڵەبانی


شێخ رەزای تاڵەبانی

پەیوەندی ئەم دوو بنەماڵە ئاینییەی کوردستانی خواروو، پەیوەندییەکی دێرین‌و تۆکمەیە، سەرەتای دەگەڕێتەوە بۆ کاتی سەرهەڵدانی ڕێبازی قادری لە کوردستان، کە ئەم دوو بنەماڵەیە وەك دوو لقی ئەم ڕێبازە لە سلێمانی‌و کەرکوکی گەرمیانی کوردستان، سەریان هەڵداوەو لوتکەی دۆستایەتییان لەو کاتەوەیە کە حاجی کاك ئەحمەدی شێخ‌و شێخ عەبدولڕەحمان تاڵەبانی، ناسراو بە(خالص) لە خزمەتی شێخ مارفی بەرزنجی دەرسی فەقێیەتی ئەخوێنن، دواجار وەك دوو شێخی پایەدار لە سلێمانی‌و کەرکوك ناوبانگیان بڵاوئەبێتەوە لە کوردستان و وڵاتی دەوروبەریش ئەناسرێن، هەر بۆیەش شێخ رەزای کەڵە شاعیریش، کە کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی خالصە، هەر لە منداڵییەوە گوێچکەی بە خۆشەویستی‌و دۆستایەتی بنەماڵەکەی لەگەڵ ساداتی حەفید لە سلێمانی ئاودەدرێت، بۆ پەرەپێدانی زانیاری ئایینی‌و ئەدەبی سەردانی سلێمانی ئەکات‌و لە مزگەوتی گەورە لەگەڵ ساداتی حەفید دۆستایەتییەکی پڕ لە خۆشەویستی پەیدا دەکات، هەر بەسۆزی ئەم عەشقەوە بۆ سلێمانی‌و ئەماراتی بابان‌و شێخانی سلێمانی شیعرە نیشتمانییەکەی ئەڵێت:

**له بیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو**
**نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**
**لەبەر قاپیی سەرا سەفیان دەبەست شێخو مەلاو زاهد**
**مەتاڤ کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو**

دوا جار لە دوای وەفاتی حەزرەتی کاك ئەحمەدی شێخ، دڵی بۆ سلێمانیو بۆ مقامی کاك ئەحمەدی شێخ دێتە جۆش، چونکە لە دوای رووخانی ئەماراتی بابانی کوردەواریو هاتنی سوپای داگیرکەری عوسمانی بۆ سلێمانی، تەنیا کاك ئەحمەدو ساداتی حەفید مابوون، کە جێگای ئومێد وئایینیو دەسەڵاتی خۆماڵی بوون، بۆیە بەو سۆزە دەروونیەوە شێخ رەزای تاڵەبانی ئەفەرمووێت:.

**مەربوتە حەیاتم بە سلێمانیو خاکی**
**خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەد کاکی**
**ئەو قیدوەتی ساداتە کە سوککانی سەماوات**
**شەریانە لەسەر سوجدە لەبەر مەرقدی پاکی**
**ئەو مەرقەدی والایە کە وەك عەرشی موعەللا**
**مەحفووفە بەزوواری مەلەك دەوری شیباکی**
**بۆ دەستو عەسا نازگەکەی داخە دەروونم**
**قوربانی عەسای دەستی دەبم سۆلو سیواکی**
**دونیا لە دوای حەزرەتی شێخ زێرو زەبەربێ**
**وەك تاجی کەیو جامی جەمو تەختی زوحاکی**
**دەرحەق بە حەفیدانی ئەدەب لازمە زنیهار**
**قوربانی حفیدانی دەبم بابیو داکی**
**بەم حاڵە پەریشانەوە باز (اشهد بالله)**
**شیعرت تەرە بە نگیزە رەزا شاعیری چاکی**

جا مامە شێخ رەزا کە ئەفەرموێت دەرحەق بە حەفیدانی ئەدەب، لازمە بەڵێنەکەی خۆی بەجێئەهێنێ، بەم جۆرە دڵسۆزیەکەی خۆی بۆ حەفیدانو هەموو سادات دەرئەبڕێتو ئەڵێت:.

**موخالەفەتم نییە من سەعاتێکی میقاتم**
**غولامی ئەڵقە بەگۆشی جەمیعی ساداتم**

کاتێکیش دێتە سەر کورانی کاك ئەحمەدی شێخ و نەوەکانی، ئاوا وەسفیان ئەکاتو ئەڵێت:.

**شێخ سعید سەرداره شێخ مارف حەتا حەزکەی نەجیب**
**بۆ جواغەردیو شەجاعەت بینو بین الله نقیب**

کاتێك شێخ سەعیدی سەروەری بنەماڵەی حەفید لەگەڵ شێخ ئەحمەدی کوری، بە فیتی تورانیەکان بەپلانێك لە موسڵ شەهید ئەکرێن، ئەمجارەیان، شێخ عەلی تاڵەبانی برا گەورەی شێخ رەزا کە کەم شیعری وتوە، ئەم رووداوە لە ناخەوە ئەی هەژێنێو بە شیعرێکی ناسکی ئایینی، ئەم شێخانە ئەلاوێنێتەوەو کە مانای شیعرەکەی بەکوردی وا ئەخوێنرێتەوە:.

نە خۆر تاوی خۆرو نە مانگ رۆشنایی تێدایە
نە رووی ئاسمان شەرمی تێدایەو نە گەردوون حەیای تێدایە
جارێ بە هۆی (ابن ملجم) وە شیر ئەدری لە شیری خوا
جارێکیش (شمر) شاهی کەربەلا ئەکوژێ
ئەو کافرە سەری ئەو کورە لاوە بۆ ببرێ
مادام ئەزانێ رووی ئەو جێ ماچی پێغەمبەرە
شێخی بەختەوەر کردەوەی کورەزای حەزرەتی کاکە ئەحمەد
بۆ ئەبێ لە تابوتەکەی دەرکەنو سەری ببرن
ئەی نامەرد بۆ ئاگرت بەردایە زەهرا
بیرێ لە تیشکی تیغی عەلی مورتەزا بکەرەوە
بە خوێنی دیدە پیتەکانی مێژووەکەم نووسی
باوك لە کەربەلا خۆی لە نەینەوا شەهید کرا

کە دێری شیعری دوایی بە حروفی ئەبجەدی ئەکاتە ساڵی 1326ی کۆچی کە ئەم کارەساتە لە موسڵ روی داوە، بەلام مێژوو هەموو کات بە هێڵێکی راستدا ناڕواتو جاروبار کەندوکۆسپی تێ ئەکەوێت، بەشێوەیەك لەرێ رەوەکەی لائەدات، ئەوەتا شێخ محەمەدی کوری شێخ رەزای کوری شێخ عەبدولرەحمانی خالص، کە نازناوی شاعیرییەکەی لە باپیری وەرگرتووە، خۆی بە(خالص)ی ناساندووە، لە کاتی حکومرانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان، قائیمقامی شاری رانیە ئەبێت، بەلام بەهۆی لێدوانی چەند کەسانێکی خەڵکی ناوچەی رانیە، کە ساداتو خزمی شێخنو تەماعیان لە شوێنەکەی شێخ محەمەدە، ئەکەونە فیتنەیی‌و بەفەرمانێکی شێخی نەمر لەسەر کارەکەی لائەبرێت.

ئەم شاعیرە رۆشنبیرو خوێندەوارە، لە شوێنی شیاوی خۆی لائەبرێت، پیاوێکی کۆلکە خوێندەوار لە شوێنەکەی ئەکرێت بە قائیمقام، بۆیە هەستی ناسکی ئەڕوشێنرێت، لە یەکەم بەرپەرچدانەوەدا ئەم دێرە شیعرە ئەڵێت:.

بۆ نەگێم دایکی فەلەك من لەسەر ئەم مەسەلەیە
تازە زانیومە حاکمی کوردان خولەیە

کە بێگومان مەبەستی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانە. دواجار بەدڵ شکاوی رانیە بەجێ ئەهێڵێتو روو ئەکاتە تەکیەی تاڵەبانی کۆیەو لە ماڵی شێخ نورالله تاڵەبانی ئامۆزای، چەند مانگێك ئەمێنێتەوە، تاکو کاروباری خۆی رێك بخاتەوە، بەلام بەتەنیا بەو دێرە شیعرەی سەرەوە دڵی ئاو ناخواتەوە، بۆیە کەوکوژی بۆ حوکمرانیەکەی شێخو دەوروبەرەکەی ئەچێتە سەنگەرەوەو لەگەڵ روناکبیرانی هاوشێوەی وەك حەمدیو جەمیل صائب، ئەمیش تیری خۆی ئەهاوێژێو چامە بەناوبانگەکەی لە ژێر ناوی (عتاب) لە کۆیەوە بۆ شێخی نەمر ئاراستە ئەکات، کە بەراستی بەچاوی کامێرا وێنەی حوکمی سەردەمی شێخ دەرئەبرێتو رەخنەیەکی بوێرانەو دڵسۆزانە ئاراستەی حوکمی خۆماڵی کوردی ئەکات، رەخنە لە شێوەی بەرێوەبردنو کەسانی بەرپرس ئەگرێت، بە زیرەکانە کەموکورییەکانو دانانی خەڵکی ناشایستە ئەخاتەروو، کە بە لەقەبەکانیان ناویان ئەبات و بە رووني ئەڵێت: کە ئەمانە نابنە سەرۆكو میری دیوان، بەلام وەکو پیاوێکی نیشتمان پەروەرو قەڵەمێکی بەبرشتی بەرەی گەل رەخنەی بونیاتنەرانە ئەگرێتو دڵسۆزیو رێزو حورمەت بۆ مەلیکی کوردستان دەرئەبرێت، بەشێوەیەك وەسفی جوامێری و هەڵکەوتوویی سەرکردایەتیو شیاوی شێخ مەحموود ئەکات کە هەر شاعیرێکی هەست ناسكو کورد پەروەر وەکی خالص-ی دەوەشێتەوە، دەرسێك بۆ نەوەی دوارۆژو کورد دائەدات کە چۆن ژیرانەو بوێرانە رەخنە لە حکومەتی سەردەمی خۆیان بگرن، بۆ نەهێشتنی کەموکورییو گەندەڵی، بەمەرجێك بەهەمان رێبازی خاڵصی رێچکە بگرێت، کە سەرکردەکانی خۆمان کە خەباتی نەتەوەکەمان لەواندا بەرجەستە ئەبێت، حورمەتیان بگیرێت وە لە دڵماندا بە نەمریی بمێننەوە، چونکە هێمای نەتەوەیایەتیمانن، هەموو گەلێك بە هێمای سەرکردەکانیان بە خەباتو هونەرو ئەدەبو شیعرو بوارەکانی تری ژیان ئەناسرێنەوە، چونکە هیوای دوارۆژی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیمانن:

## شیعری (عتاب)

لە پاش داوێنو دەست ماچ کردنو عەرزی دوعا خوانی
وەرین دەست پێ ئەکات بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی
دەڵێ بۆچی منت دەرکرد؟ ئەگەر پاست نەکەم بەخوا
هەموو چەڵتوکەکەت دەخوا بەرازی قوتبی رەبانی
یەکانەو پەڵخو مالوسی قەوی قولیان گەلێ زۆرە
بەری ملیان لە کۆی دەگری پشیلەی کانی ئاسکانی
بە رۆژی وا پیاوێك چاکترە بۆ تۆ لە پێنج سەد کەس
هەزاری لیرەیەك ناکا دە پارەو پولو تارانی
هەموویان دوژمنن نەك دۆستی تۆ ئەو گیپە خۆرانە
کە ئەمرۆ تۆ وەلی نعمەتو ئاغای هەموویانی
هەموو شێرو پڵنگن وەختی نانخواردن لە ئەترافت
سمێڵ بابر کفن در کەللە خر پەرچەم مەریوانی
دوعات با بۆ بکەن ئەمما بە تەدبیریان نەکەی زینهار
مەلاو دەروێشو سۆفی شێخەکانی لوقمە باتمانی
ئەمانە گشت قسەن با بێمە سەر مەتلەب وەکو عورفی
لەسەر ئەم مەتلەعە لادەم بچم بۆ مەتلەعی پانی
لە بەرچاوت وەك یەك وایە بێ فەرقن لە خزمەتا
شەهێنو حاجی لەق لەق شێرو رێوی مورشیدجانی
لە کوێت دۆزینەوە ئەك کوێر قورانەی لە خوا عاصی
چلۆنت کەوتە خاتر مشکە کوێرەو ورچی کوێستانی
کەرو گا خەرجی باروو جووتە هێستر ماڵی کاروانە
ئەمانە نابنە کوێخاو رەئیسو میری دیوانی
بە یار کێلانو گای لەر پیرو کچ خواستن ژنو تەدبیر
سەگو جۆ، ئەسپو ئێسقان، بۆقو سەردارن جورج ناوکانی
عەباو کەر، فێسو رێوی، ورچو شەبقە، مێزەرو مەیموون
حەیا کوێر، شەرم دۆ، قەحبە وەفا، ناموس سۆزانی
لەرێ دووبارە لادەم بچم بۆ مەتلەعی پالپ
بلێم ئەی پاسەوانی میللەتو رێگەی موسڵمانی
وجودت فەخرە بۆ من چونکە لای من فەخری کوردانی
نەوەی کاك ئەحمەدی شێخو لوتفەی حسێنی شێری یەزدانی
جەنابی تۆ لە دەرحەق من زۆر لە خۆم مشفیق تری ئەمما
لە بەختی نەحسی من فکرت خراپە زۆر بەنسیانی
هەتیوو چیت وت زووبانت وەرگەرێ خەڵتێکی گەورەت کرد
لە لای خۆت شاعیری هێشتا قسەی پیاوانە نازانی
فەلەك مل شۆر ئەکا ئەمرۆ لە ژێر پێی ئەسپی شێخ مەحمود
مەلەك مەجبور ئەکا ئەمرۆ ئیتاعەی ئەمرو فەرمانی
خراپەی چاکەیە زامی شیفایە حیدەتی حلمە عەفووە هێنوانی
کەرەم کارو وەفادارو وەلی خولق عەلی کردار
تەبیعەت چاك تینەت پاك دڵ بێ باكو نوورانی

ئەگەر چی مفلیست کردم لە ناو خەڵکدا حەیات بردم
خوا تۆ خۆش بکا با ماڵو روحم بێ قوربانی
ئەوەندەی بار ی تەعنەت کەوت بەملدا خالصی ئەمرۆ
ئەهات بۆ خزمەتت قوربان فەقەت زامدارە سەرشانی

بەڵام دوای ئەوەی مەلیك مەحموود ئەم وەڵامە شیعرە ئەخوێنێتەوە، رەخنە لە هەموو ئەوانە دەگرێت کە فرمانی لابردنی شێخ محەمەدیان پێ دەرکردووە، بە نامەیەکی پەرۆشانە وەڵامی خالص ئەداتەوە، داوای لێدەکات کە سەردانی سلێمانی بکات، وەچی پۆستێکی بوێت بۆی دیاری بکات، ئەگەر نەیەت حەوالەی کاك ئەحمەدی شێخی ئەکات، بەڵام خالص بەو دێرە شیعرە وەڵامی شێخ ئەداتەوەو دواجار ئەچێت لە کفری ئەبێت بە قائیمقام، لەوێش بە نەخۆشی کۆچی دوایی ئەکات، ئەمەش دێرە شیعرەکەیەتی:.

لە پاشی نەقڵو عەزلو لانەوازی خانە وێرانی
حەواڵی خۆت ئەکەم قوربان چلۆن بێم بۆ سلێمانی

بەڵام شێخی نەمر، بەردەوام لە هەوڵی نێوان باشکردنی ئەو دوو بنەماڵە کوردە بووە، وە چ کێشەیەك روویدابێت گورج چارەسەری کردووە، دواجار بۆ ئاشتبوونەوەی یەك جارەکی کچی شێخ حەبیب تاڵەبانی سەرداری شێخانی تاڵەبانی بۆ بابە عەلی کوری خواستووە، خۆشی سەردانی تەکیەی تاڵەبانی دەکات لە کەرکوك، لەگەڵ شێخانی تاڵەبانی پەیمانی دۆستایەتیو خزمایەتی تازەکردۆتەوە، تاکو ئێستاش ئەم دۆستایەتیو هاورێیازییە بەباشترین شێوە بەرێوەدەچێت، هیچ ناحەزێك ناتوانێ ئەم بەینە پۆلاینییە تێك بداتو لەسەر هەمان رێباز بەرەو پێشەوە ئەروات.

